# سۆران عومەر تکایە وەڵام

## تەها ئەمین هەڵەدنی

پاش ئەوەی کە بابەتێکی بەڕێزتانم خوێندەوە، کە لەوێدا داواتان لەکاک مەریوان هەڵەبجەیی کردوە تا ڕووبەڕتان بێتەوە، دەربارەی پەڕتووکەکەی کاک مەریوان، لەوێشدا گرێنتی، ژیانیشت داوە!

دەشتەوێ بیسەلمێنی کە زۆر لەخۆت دڵنیایی. هەوڵیشت داوە کە بسەلمێنی کە کاک مەریوان هەڵەبجەیی، نووسینەکانی هەڵبەستراوە. لەهەمان کاتیشدا، خۆت بە تاکە سواری ڕوو بە ڕوو بوونەوە دەزانی.

نامانەوێت، بچینە قوڵایی ئەو باسەوە، کە لەسایەی دەسەڵاتی ئیسلام ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بگرە هەمووجیهان بۆتە دۆزەخ و لەسەر زەوی دۆزەخیان بۆ مرۆڤ هەڵخستوە.

دوور نەڕۆین، پارساڵ ئاخوندە سادیستەکانی ئێران، دۆزەخیان بۆ ژیلای 13 ساڵە هەڵخست، لەژیانی ئێستامانادا.

لێرەدا، نامانەوێ بچینە قوڵای ئەو باسە، ناشمانەوێ کە بچینە درێژەی شەڕی ووشترەوە، کە لە شەڕی دەسەڵاتی نێوان عەلی کوڕی ئەبوو تالیب و ئایشەی هاوسەر محەمەدی کوڕی عەبدوڵادا نزیکەی 20 هەزار کوڕی ڕەشووڕووتیان بەکوشتدا.

بەڕێزم، تۆ داوات لە کاک مەریوان هەڵەبجەیی کردوە، تا ڕووبەڕوو بێتەوە. حەز دەکەم بە بیرت بهێنمەوە، کە ساڵی پار، بڕیار بوو، من و تۆ ڕوو بەڕووی یەکتر ببینەوە، لەژووری چەپی سەربەخۆدا، چاوەڕێمان کردیت، نەهاتی!

لێرەدا، نامەوێت کە بڵێم خۆت شاردەوە، بەڵکوو ئەگەری ئەوە دەکەم، کە نەتوانیبێت،جالەبەر هۆی تەکنیکی یا هەر هۆیەکی دیکە.

ئێستا بەڕێز، کاک سۆران عومەر، تکا دەکەم کە واز لە کاک مەریوان بێنە، وەرە با بیسەلمێنین بۆ خەڵک کە لە 2006 دەژین، وەرە با شارستانیانە، لەسەر ماڵپەڕە کوردیەکان دایەلۆگێک دروست بکەین.

بەڕاستی کۆمەڵێ پرسیار، پێویستی بەئێوەی ئیسلام هەیە، کە وەڵامی بدەنەوە.

دڵنیام، کە وەک کەسێکی سەردەم دەتوانن، وەڵام بدەنەوە، دەبا پشت لە ناو ناتۆرە و مهاتەرات بکەین، بە گیانێکی شارستانیانەوە، هەروەک قورئانی لە سوورەی جاڵجاڵۆکەی ژمارە 46 داهاتوە، ئەڵێ:ئەگەر گفتوو گۆتان کرد، بە باشترین شێوە، گفتوو گۆ بکەن.

جگە لەوەش، قەمە و ئاوی گەرم2 هیچ کاروانێکی نەگەیاندۆتە جێگەی مەبەست.

هەروەها، وەک موسڵمانێکی کورد، فەرمانی سەرشانتانە، کە بۆ خەڵکی کوردی ڕونبکەنەوەو خەڵکی لە گومڕای و سوتاندنی ئاگری دۆزەخ ڕزگار بکەن.

چونکە بەپێی قورئان، ئەو کوردانەی کە گومڕابوون و باوەڕیان بە قورئانی ئیسلامەکان نەماوە، سزا دەدرێن، بەسووتاندن، لە ئاگری دۆزەخدا.
بۆیە پێویستە، لەسەر شانتان، کە بەڕێگای ڕوونکردنەوە، گومڕاکان بگەڕێننەوە سەر باوەڕی ئیسلام.
وەک دەزانن، کە خەڵک لەخۆڕا نیە، کە باوەڕی بەئیسلام مۆلەق بوە، بەڵکوو هۆکار هەیە، هۆکارەکانیش ئەمڕۆ خەڵک دەخوێنێتەوە، کە خوێندیشیەوە تێئدەگا، کە تێش گەشت، باوەڕی بە قورئان نامێنێ، تێدەگا کە قورئان دەستکردی خوودی محەمەدی کوڕی عەبدوڵایە، بۆ نموونە:
سورەی یونسی3، ئەلئەعرافی54،قافی 38 لەم سێ سورەی قورئاند، محەمەدی کوڕی عەبدەڵا، پێدادەگرێت، کە خوا زەوی و ئاسمانەکان و گیان لەبەرە قسەکەر وقسەنەکرەکانی بە شەش ڕۆژ دروست کردوە.
بەڵام لە هەمان قورئاندا سورەی فسلەتی ژمارە 12،11،10،9 ژمارەی ڕۆژەکانی دروست کردنی گشت بوونەکانی کە هەن لە گەرووندندا، دەگاتە 8 ڕۆژ!
سەیر نیە، کە خوا هێند بەتوانا بێت، ئەم گەردوونە، گرێیاویە دروست بکات، بەڵام لە ماتماتیک ئاگادار نەبێ؟
ئەمڕۆ ڕۆشنبیران ئەڵێن، کە محەمەدی کوڕی عەبدوڵا، گوێی لەهەر ووتەیەکی کۆن بووبێ، خێرا ووتوویە کە خوا بۆی ناردم، بۆنموونە، مائیدەی 44،چاو لەجێگەی چاو بونی بوە بە زیاتر2320 لە پێش لەدایک بوونی محەمەدەوە. چاو لە جێگەی چاو یەکێکە لە دەستورەکانی حامورابی1. حامورابی یەکێک بوو لە پاشاکانی بابل ،لەسەردەمی پاشایەتی ئەودا، کۆمەڵە خوا پەرستراوە، هەروەک باوەڕی گرێکیەکان.
چۆنی دەسەلمێنی کە حامورابی لە نێوان سالانی 1792 و1750 پێش زاین ئەم سورەی مائیدەی 44 نووسیوە، وەک دەستوور.کەچی کاکە حەمەی کوڕی عەبدوڵا لەساڵی615 زانینی ئەڵێ:هەمان ووتەی دێرەکانی حامورابی کە چاو لە جێگەی چاوە، خوا بۆی ناردوم؟
پرسیارەکەمان لێرەدا ئەوەیە، ئەمە ووتەی حامورابیە، یا خوا وەک کاکە حەمە گازەندە بۆ دەکا؟
کاک سۆران عومەر، وەزیری ئەوقافە ناسکە سوسیال دیموکراتەکەی سلێمانی، سورەی لوقمان ژمارە34 یەژێ، تەنها خوا دەزانی چی لەسکی ژنی دووگیاندایە!
بەڵام ئەمڕۆ هەموو دەزانین، کە تەنانەت کۆلکە سستەرەیێکیش بەتاقی کردنەوەیەکی 5 چرکەیی، پێت ئەڵێ کە ئەو ژنە دووگیانە،سکەکەی کوڕە یا کچ.
جگە لەوەش13ی 02ی2006 کەناڵی ئاسمانی ئەلعەرەبیە ووتی: کە مرۆڤ دەتوانی، لە پێشدا بڕیار بدا، کە مەلۆتکەکەیان کوڕ بێت یا کچ. جا چۆنە سستەر گرەو لە خوا بباتەوە؟

کاک سۆران ئەز لە سەر شەقامی تەخت بەهۆی ئاوەتاڵەکەوە لەتر دەبەم، دەکەوم، جا ئازیز، چۆن لەپردی سیرات بپەڕمەوە ئەگەر ڕونکردنەوەیەکی وامان بۆ نەنووسی کە ژێوان ببینەوە. ئازیز باوەڕ بکە لە هەمو کەس زیاتر ژیانم خۆش دەوێ و نامەوێ شیش سورەوەکراو بکەن بەکۆما، باوەڕ بکە زیرەم کردوە، لەترسی دەرزی دکتۆر.

جا تکایە مەهێڵە هاوزمانەکەت، بەر تورەیی خوا بکەوت، تکایە وەڵامێکی ژیرانە؟

1دەستوورەکەی حامورابی لە مۆزەخانەی لۆڤەری پاریسەوە.




2 کاک سۆران داوای کردوە،کە کاک مەریوان هڵەبجەیی بە ئاو بسوتێنن.